## روونکردنەوەیەکی پێویست لە دەستەی ئامادەکاری یەکێتی کوردستانی بۆ میدیای ئەلەکترۆنی. .

ماوەیەکی زۆرە کۆمەڵێك لە نووسەر و رۆژنامەنووسی کوردی دڵسۆز لە دەرەوەی وڵات سەرگەرمی دامەزراندنی یەکێتیەکی تایبەتن بە نووسەران و رۆژنامەنووسانی کورد لە بواری دونیای ئەلەکترۆنی، ئەوەبوو بە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر و دوای پەیوەندی کردن بە ژمارەیەکی زۆر لە نووسەر و رۆژنامەنووسانی کورد لە هەرچوار پارچەکەی کوردستان، لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان توانیمان بەم دواییە یەکەمین کۆبوونەوەی یەکێتیەکە ببەستین رۆژی هەینی 2005/9/9 لەسەر تۆڕی پاڵتاك لەسەر ئینتەرنێت، و بە سوود بینین لە تازەترین تەکنەلۆژیا کە دونیای تەکنەلۆژیای ژمارەییە، توانیمان کۆمەڵێکی باش لەو نووسەر و رۆژنامەنوسانە کۆبکەینەوە بۆ تاووتوێ کردنی سیستەمی ناوخۆی یەکێتیەکە، پاشان بڕیاردرا کۆمیتە پێکبهێنرێت بۆ داڕشتنی بانگەوازی دامەزراندنی یەکێتیەکە بە زمانی کوردی (سۆرانی و کرمانجی) بە هەردوو پیتی عەرەبی و لاتینی، و زمانەکانی عەرەبی و هەروەها ئینگلیزی، ئەوەی روویدا ئەو بەڕێزەی داوای لێکرابوو دەقە عەرەبیەکە داڕێژێت، بە رێك و پێکی دایڕشت و پاشان دەم ودەست ناردی بۆ ویبسایتە کوردیەکان، لەوانە وێبسایتی کوردستاننێت، ئیدی جیاوازی داڕشتنی دەقە عەرەبی و کوردیەکە لە راستیدا تەنها دوو تا سێ سەعات بوو، ئەوەش مانای ئەوە ناکات ئەو بەڕێزانەی ماندوونەناسانە خەریکن بە بەئەنجامگەیاندنی ئەو پرۆژە گەورە و مەزنەوە کوردی نازانن هەروەك هاتووە لە دەقی توانجەکەی کوردستاننێتدا، چونکە ئەگەر هەر خوێنەرێك بگەڕێتەوە بۆ ناوەکانی لە دەقی بانگەوازەکەدا هاتووە ئەزانێت هەر یەك لەو ناوانە بۆ خۆی ئەستێرەیەکی درەوشاوەیە لە دونیای نووسین بە کوردی و بە عەربی و بە گەلێ زمانی تر. .
ئەوەبوو بە داخەوە سایتی کوردستاننێت پەلەی کرد لە بڵاوکردنەوەی توانجێك بۆ یەکێتیەکەمان بە مافی خۆمانی ئەزانین ئەم روونکردنەوەی لەسەر بڵاو بکەینەوە.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانمان بوو ئەوەبوو کاك عومەر فارس بەرپرسی سایتی کوردستاتننێت ژمارەی ئەو رۆژنامەنوسانەی کوردستانی بە 80% مەزنە کردووە، جێی خۆیەتی بپرسین ئەو ئامارەی لە کوێوە هێنا، سەرچاوەکەیمان پێبڵێت بۆ ئەوەی بگەرێینەوە بۆی بزانین پشت بە چ راستیەکی زانستی ئەو ژمارەیە خەمڵێنراوە. .
ئەوەی جێی وتنە ئەوەیە هەر لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکە بە زمانی عەرەبی چەندین نامەی ئەلەکترۆنی پیرۆزباییمان لە نووسەر و رۆژنامەنووسانی کوردی دڵسۆزی ناوەوە و دەرەوەی کوردستانەوە بەدەست گەیشت، بۆیە هەروەك چۆن چاوەڕێی نامە و دەستخۆشین، هەروەها چاوەڕوانیشنین توانجمان لێبگیریت و شتێکی ئاساییە، بەڵام ئەوەش وامان لێناکات کۆڵبدەین، و چاوەڕێی هیممەت و پشتگیری نووسەر و رۆژنامەنووسانی دڵسۆزی کوردین لە هەرچوار پارچەکەی کوردستان لە دەروە و ناوەوەی کوردستان. .
لەگەڵ رێزی بێپایانی دەستەی ئامادەکاری یەکێتی کوردستانی بۆ میدیای ئەلەکترۆنی. .